# ...ئیدانەی تاوان..........

# مالیکی خۆی تاوانباری سەرەکییە..

کۆمەڵەی نووسەرانی کورد

هەرێمی کوردستان - هەولێر

5/9/2013

لە پەلاماردانێکی کتوپڕی هێزەکانی حکومەتی عێراق بۆ سەر پەنابەرانی ئێرانی لە کامپی ئەشرەف، دانیشتووانی ئەو کامپە جارێکیتر قەتڵوعام کران.. جیاوازیی ئەمجارەیان ئەوە بوو کە دانیشتووانی کامپی ئەشرەف، ساڵی رابردوو قبوولی ئەوەیان کردبوو کە بگوازرێنەوە بۆ کامپێکیتر بە ناوی لیبرتی لە پارێزگای بەغدا کە بە پێی بەڵگەکانی رێکخراوی نەتەوە یکگرتووەکان هاوشێوەی «زیندان»ە و تەنها 100 کەسیان لە کامپی ئەشرەف مابوونەوە ئەویش بە پێی رێککەوتننامەیەکی چوار قۆڵی کە یەک لەوان حکومەتی عێراق بوو. بڕیار بوو دوای یەکلاییکردنەوەی کێشەی داراییەکانی ئەو پەنابەرانە لە ئەشرەف ئەو 100 کەسەش بگوازرێنەوە بۆ لیبرتی. بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت حکومەتی عێراق رێگەی نەداوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت.

دیمەنی ئەو تاوانە دژەمرۆییە فرەڕەهەند و جێی تێڕامانە. دانیشتووانی ئەو کامپە بێ چەک و بێ قەڵغان و بە پێی یاسای نێودەوڵەتی پارێزراو بوون. لایەنی سەرنجڕاکێش و دڵتەزێنی ئەو دیمەنە ئەوەیە کە دەبینرێت ئەو پەنابەرانە لە نێوان بەرداشی دوو سیاسەتی تەواوکەری یەکتر، واتا سیاسەتی رژێمی ئێران و حکومەتی ئەمریکا بوونەتە قوربانی. حکومەتی عێراق جێبەجێکاری تاوان و (یونامی)ش رێخۆشکەری بووە.

سەرباری ئەوەی هەر لە سەرەتاوە روون و ئاشکرا بوو کە حکومەتی نوری مالیکی لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەمریکی، جێبەجێکاری سیاسەت و ئەجێندای حکومەتی ئێرانە بەتایبەت لەهەمبەر کێشەی ئەو پەنابەرانە، بەڵام

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی رۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا بە سیاسەتی هەڵەی خۆیاندا بچنەوە و بەپەلە ئەو پەنابەرانە بگوازنەوە بۆ وڵاتانی سێیەم یاخود هێزێکی نێودەوڵەتیی تایبەت لە لیبرتی و ئەشرەف جێگیر بکەن بۆ پاراستنی گیانی ئەو پەنابەرانە. چون بە پێی یاسای نێودەوڵەتی و رێککەوتننامەکانی پێشوو ئەوان بەرپرسن لە پاراستنی ئەو گیانی ئەو پەنابەرانە.

کۆمەڵەی نووسەرانی کورد داوا لە هەموو لایەک دەکات هەڵویستیان هەبێت بەرانبەر بەو تاوانە و لەگەڵ ئەوەشدا داواکارین شاندێکی نێودەوڵەتیی بێلایەن بە وردی لەو تاوانە بکۆڵێتەوە و دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانیش بەرەسمی لە میدیاکان بڵاو بکرێتەوە. بۆ ئەوەی تاوانکاران بە سزای خۆیان بگەن و کارەساتی لەمجۆرە دووبارە نەبێتەوە .